به ناوی کوردستانی گەورە !

# ئەهلی حەق، پەروەدەری فەرهەنگ و ئایینی کورد لە نێو گەلانی دیکە :

2003/7/23

ح. س. سۆران

soran909@hotmail. com

هەروەک دەزانین، ئایین یەکێک لەو کەرەسانەیە، کە زۆر بە ئاسایی و بە ئاسانی فەرهەنگی گەلێک بۆ نێو گەل یا گەلانێکی دی دەنێرێ. بۆ وێنە، دەبینین، ئایینی ئیسلام چۆن بوەتە هۆیەک بۆ شوێن دانانی فەرهەنگ و زمانی عەرەبی فوسحە ...!، لەسەر فەرهەنگ و زمانی بەسزمانی فارسی. ئێستا بۆ نیشاندانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە، وەک مشتێک لە گشتێک، رستەیەک تان پێشکەش دەکەم، کە لە وڵاتی ئێران، لە دەرگەی زۆر لە دووکانەکان نووسراوە : " لطفا " مقررات صف را اکیدا " رعایت کنید !!! ". کە تەواوی ئەو رستەیە، بێجگە لە وشەی " را " و وشەی " کنید "، زمانی عەرەبیە، و تاقە وشەیەکی فارسی دیکەی تێدا نیە، کە ئەمە کاری شوێن دانانی ئاییـنە. دیارە، داب و نەریتی فارسیش بێ وەی نەماوە و زۆر شوێن لەسەری دانراوە، کە بۆ وێنە یەکێک لەوانە، مەسەلەی " صداق " و هەزاران خو و خدەی عەرەبی دیکەیە. ئەم شوێن دانانە، تەنیا لەسەر زمانی فارسی نەبوە و زمانی کوردیش، کەوتوەتە بەر تەوژمی ئەم کارەساتە.

گەلی کوردیش، کە گەلێکی هەرە لە مێژینەو واتاییە، ئاییـنی رەسەنی تایبەتی خۆی بوە و ئەم ئاییـنانە، هەر لە خودی کوردستان بەدیهاتوون و ئاییـنی رەسەنی کورد بوون، بەڵام هەر وەک دۆزی رامیاری و فەرهەنگی کورد، هەمیشە لە ژێر قەمچی فەوتاندنی لاوەکی دا بوە، ئاییـنە کوردیەکانیش هەر وا بوون و زۆر چەوساونەتەوە (ماموستا ئەحمەدی خانی بویە وتویەتی ئەگەر ئێمەش ...) ، کە لێرەدا، لە ئاییـنە هەرە کۆنە کوردیە کان دەگەرێم و وەک نموونە، ئاماژە دەکەم بە ئاییـنی پیرۆزی ئەهلی حەق و ئیزەدی، کە هەردووکیان ئاییـنی رەسەنی کوردین.

سەرەرای ئەو گشتە مەترسیە، کە ئاراستەی ئاییـنە کوردیەکان کراوە، ئاییـنی ئەهەلی حەق، زۆر خزمەتی بە فەرهەنگی کورد کردوە. جێگەی سەرنجە، کە ئەم ئاییـنە پیرۆزە کوردیە، تەنانەت چوەتە نێو گەلانی دیکەشەوە و لەگەڵ خۆیَ دا، کۆلێک فەرهەنگ، داب، نەریت و خووخدەی کوردیشی بردوە تە نێو ئەو گەلانە.

هێندێک لەو گەلانەی، کە ئاییـنی کوردی ئەهلی حەق، چوەتە نێویانەوە، ئەمانەن : ترک، فارس، عەرەب. جا، ئێستا بۆ ئەوەی مەیدانە کە زۆر هەراو نەبێتەوە، تەنیا باسی ترک دەکەم.

ئاییـنی کوردی ئەهلی حەق چوەتە نێو ئەم ترکانەوە، کە هەر ترکن و بە گۆترە، لە ئێران بۆ پاراستنی دۆزی رامیاری پێیان دەڵێن ئازەری :

ترکی شارگەلی بوومێهێن، روودهێن و دەیان گوندی دەوروبەریان، لە بیست کیلۆمێتری رۆژهەڵاتی تاران ؛ ترکی بناو، تەورێز، ئوسکو، مەڵکەنی، ورمێ و برێک لە ترکی مەڵبەندی دەشتی موغان، لە پارێزگە گەلی ئازربایجان، لە ئێران. برێک لە ترکی وڵاتی بە ناو تورکیا (ترکستان) و زۆر جێگەی دیکەش. جێگەس سەرنجە، کە لە زۆر ناوچە، بەم ترکە ئەهلی حەقانە دەڵێن گۆران.

هەر وەک وتم , لێرەدا مەیدانی باسەکە تەسک دەکەمە و تەنیا باسی ترکە کانی شارگەلی بوومێهێن، روودهێن و گوندگەلی دەوری ئەو دووشارەتان بۆ دەکەم، کە ئەم ناوچەیە ترکی ئەهلی حەقن و تەنیا بۆ

www.kurdistannet.org کوردستاننێت

ئــەوەی بــزانن، چ حەشــیمەتێکی هەیــە، دەڵــێم بە تەنیایی شاری رروودهێن، نزیکەی سەد هەزار کەس زیادتر دەبن.

ئەم ترکە ئەهلی حەقانە، تەواوی کتێبە ئایینیەکانیان، بە زمانی کوردی، زاراوەی گۆرانیە و زوربەی ئەو کتێــبانە بــە هۆنــراوەن. هــەر وەک کــوردێک کە ئایینی ئیسلامی هەیە و قورِانەکەی بە زمانی عەرەبیە، تــەواوی کتێــبە پیرۆزەکــانی ئەوانــیش کوردین و دەبێ بیانخوێننەوە. کە یەکێک لەوانە، کتێبی پیرۆزی ســەرەنجامە. لەم ئایینە کوردیە دا. کە سەرووەر سوڵتان سەهاک، یەکێک لە رێبەرە ئایینیە گرنگەکانیانە و گڵــکۆی پــیرۆزی، لــە نــێوان شاری پاوە و نۆسوود، لە قاراغی چۆمی سیروانە، دەشتی شارەزوور بە جێگەیەکــی پــیرۆزی وەک بەهەشــت، بــاس دەکــا و بــە کــورتی ئــایین، داب و نەریت و تەنانەت زمانی کوردیشــی، کەمــتا کورتیک هێناوەتە نێو ئەو ترکانە و ئامێری مۆسیقای تەمبوور، وەک ئۆرگی کلیسایی پیرۆز ماوەتەوە و ناوەندێکی زۆر گەورە و خاوێنی ئایینی شیان، لە گوندی مێهرابادی رووودهێن، دروست کردوە.

بــۆ وێــنە، لــە نــێو ئــەم تــرکانەدا، بە مزگەوت دەڵێن ''جەمخانە''، بە تەبەرِوک دەڵێن ''بەش''و بە رێورەسمــی احــیاء دەڵێن ''شەوزیندەداری''. بە کورتی، کاتێک کوردێکی کوردناس دەچێتە نێویان، وەک ماموەســتایەکی عــەرەب لــە زانســتگەی الازهــری میسرەوە بێ بۆ کوردستان، لێی کۆ دەبنەوە و وەڵامی پرســیارەگرنگەکانیان لێــی دەوێ - بە کورتی لە ژێر سێبەری ئایینی پیرۆزی ئەهلی حەق دا، ئەم ترکانە بۆخــۆیان بــوون بــە نیوە کوردێک و تەنانەت زۆر جار دەچنە زیارەتی گڵکۆی پیرۆزی سوڵتان ساهاک و بگرە زۆریشیان پێ خۆش بێ دەشتی شارەزوور زیارەت بکەن.

هێندێک بادینی و سورانین
برِێکمان فەیلی و گۆرانین
دسەتەیەکیش هەهلی حەقین
لەراستی دا، ئەهلی حەقین.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org